# نه نالی حەبیبەی خواستووە و نه حەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتار بووە

**بەشی یەکەم**

**بژار**

( کەوا زەرتایی یەکتایی دەڵێی خورشیدی ئافاقە . . مەڵێ خورشیدی ئافاقە , بڵێ میهرێ کەوا تاقە ) . لە کاتی سەیرانی

گشتیدا یان لە کاتی شایی ( زەماوەند )دا ئەوەی کە سەرنجی نالی ڕاکێشاوە و تاسەی لە دوورەوە پێ شکاوە کەسێك بووە کە زۆر جار کەوایەکی تاڵ زێڕینی لە بەر کردووە و لەو نێوەدا خۆری هەڵهاتووی نەك ئەو شوێنە بگرە هەر هەموو دنیا بووە . تەنانەت بەمەشەوە ڕاناوەستێت و یەکسەر دەیکات بە خۆرێك کەوا تاق و تەنها بێت . بە داخەوە نالی کاتی خۆی نەیزانیوە کە خۆری تر لە ئاسماندا هێندە زۆرە , نەك بە ملیۆن و ملیارد و تریلیۆن , بەڵکو بە سەکسیلیۆن و بگرە زۆر زیاتریش لەوە , لەمڕۆدا خۆری پێ زانراو خراوەتە خشتەی ئەستێرە ناسانەوە . تەنیا ئەم مەجەڕە ( گالەکسی )یەی خۆمان کە بە کاکێشان بە ناوبانگە زیاتر لە دووسەد ملیارد خۆری لە خۆی گرتووە . ژمارەیان زیاترە لە ژمارەی دەنکە خوێکانی چل هەزار پاکەتی یەك کیلۆیی ( هەموو پاکەتێکی خوێ کە یەك کیلۆ بێت لە پێنج ملیۆن دەنکە خوێ پێك هاتووە ) . نالی هەرچەندە ئاگاداری ئەوە نەبووە کە ئەو ئەستێرانەی ئاسمان ( جگە لەو هەسارە بینراوانەی کۆمەڵەی خۆری خۆمان ) هەر یەکەیان بۆ خۆیان خۆرێکن و هەندێکیشیان لەم خۆرەی ئێمە گەورەترن , بەڵام بەشی دووەمی نیوە دێڕی دووەم ( بڵێ میهرێ کەوا تاقە ) جۆرە گومانێکمان لا پەیدا دەکات . چونکە وا باس لەو کەوا تاڵ زێڕینەی بەری ئەو خۆشەویستەی دەکات کە بۆ خۆی نەك هەر خۆری جیهان بەڵکو خۆرێکی تاك و تەنها بێ ًت . ئەم ڕستەیە زیاتر ئەوە پیشان ئەدات کە ئەم خۆرە لە ناو هەموو خۆرەکانی تردا تاك و تەنهایە . ئێ نالیش وەك لە بەشی پێنجەمی ئەم ووتارەمدا ڕاڤەم کرد , ئەم ڕۆژەی خۆمانی بە تەنها

خۆر زانیوە لە هەموو گەردووندا . کەواتە مەبەستی نالی بە گەورە گرتن و وەسف کردنی ئەم خۆرەی خۆمان نییە بە بەراوورد لە گەڵ خۆرەکانی تردا . ئەگەر مەبەستی ئافرەتەکەش بێت , ئەوا دەبووت میهری کەوا تاقە . یانی خۆرێك کە کەوای تاقەی لە بەردا بێت . بەڵام بە پێی ئەو ئوسوڵەی کە ئەم وێنەیە ( بڵێ میهرێ کەوا تاقە ) دەبێت گرنگتر بێت لە

( خورشیدی ئافاق ) یانی میهری کەوا تاقە نییە . ئەگەر بە میهری کەوا تاقەی لێك بدەینەوە , یانی ئەو دڵدارەی کە وەك خۆرە و کەوایەکی لە قوماشی تاقە دووراوی لە بەردایە . ئەمە مەزنایەتییەکی زیاترمان لە ( خورشیدی ئافاق ) بۆ ناخاتە ڕوو , بۆیە ناکرێت لە دووتوێی مانای ئەسڵیی دێڕەکەدا لێکی بدەینەوە . من زیاتر بۆ ئەوە دەچم کە نالی لە دوایین بەشی دێڕەکەدا ( بڵێ میهرێ کەوا تاقە ) دەیەوێت بەراووردێك لە نێوان خۆشەویستەکەی و نازدارەکانی تردا بکات و بڵێت

نازدارەکەی من لە ناو هەموو شۆخەکاندا تاکە . واتە هەرچەندە نازدارەکانی تریش هەر یەکەیان بۆ خۆیان خۆڕێکن بەڵام ئەم نازدارە ( خۆرە ) ی من لە ناو هەموویاندا بێ وێنەیە . بێگومان نازدارێك کە لای نالی هێندە لە دڵا شیرین بێت , لە

حەبیبە زیاتر نابێت کەسێکی تر بێت . ئەمە و لە دێڕێکی تریشدا ووشەی ( دولبەری خۆم ) بە کار دێنێت کە زیاتر ئاماژە کردنێکە بەوەی ئەم شیعرەی بۆ حەبیبە دانابێت . ئەڵبەتە نە ئومێد لەم شیعرەدا بۆ نالی باڵا دەکا و نە نائومێدیش یەخەی پێ گرتووە , بۆیە ئەم شیعرە زیاتر لەو شیعرانە دەچێت کە دەکەونە پێش شیعری ( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە ) وە و بەو ئاوو هەوایەوە مەستە کە لە گەرمەی سات و سەودایەوە بۆ حەبیبە هەیبووە . دیارە

ئەم کەوا زەرتایی یەی بەری حەبیبە , چەندە لای حەبیبە نایاب بووە و تەنیا لە بۆنە گشتییەکاندا بە کاری هێناوە , لای نالی ش زۆر لەوە نایاب تر بووە . ئەم کەوا زەرتاییە جگە لەوەی کە ڕەنگێکی ئاڵتوونی جوانی هەبووە , ڕەنگی لەش و لاری حەبیبەش کە بۆ خۆی وەك هەتاو لە ناویدا گڕاوە دەیان ئەوەندەی تر جوانیی بەخسیوە بەو کەوایە . یانی لای نالی ئەم کەوایە بەرگێکی ئاسایی ئافرەتێك نییە , بەڵکو بەرگێکە بە بەری خۆرێکدا کراوە . نالی لە هەموو گەردووندا تەنیا بڕوای

بە بوونی یەك خۆر هەیە کە ئەویش ئەم خۆرەی نۆ هەسارە ڕاگرەکەی خۆمانە , کەچی لە دنیای خەیاڵیدا و لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی شۆخاندا بڕوای بە هەزاران خۆری نازداران هەیە . نالی لەو دێڕەدا حەبیبە بە دوو جۆر دەشوبهێنێ : یەکێکیان بەم ڕۆژەی ئاسمان و ئەوی تریشیان بە شۆخترین هەتاوی ناو مرۆڤە هەتاو ئامێزەکان . نالی وەك بیەوێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە لە گەردووندا هەیە , هاتووە بە دانانی هەزاران خۆر لە سیمای ئافرەتەکانی ئەم سەر زەوییەدا لاسەنگیی تەرازووەکەی گەردوون ڕاست دەکاتەوە . ئەوەی کە لای نالی جێگای گومانە و پێی سەیرە کەوا گەردوون تەنیا ئەم

ڕۆژەی تیایە , دێت لە دنیای چاو مەستاندا ئەم گومانەی لا دەبات و هەزاران خۆر لە ناویاندا دروست دەکات و پاشانیش حەبیبە دەکات بە سەر قاقڵەی ئەو خۆرانە . دیارە حەبیبە بێ لەوەی پەرچەمی هێشتووەتەوە و مووەکانی ئەم لاو لای

ناوچەوانیشی هێناوەتە نزیك لاجانگیەوە , کلاوێکی دڵگیریشی لەو بۆنە گشتییانەدا لە سەر ناوە و بە چاو و زار و پووز و خاڵ , نازی بە سەر نالی و شەیداکانی تریدا باراندووە . یانی بێ هۆ نییە نالی دەسوتێت و هاوار دەکات : ( ڕەیاحین پەرچەم و , لالە کولاە و , یاسەمەن توڕڕە . . بەنەفشە خاڵ و نەرگس چاو و , گوڵ زار و سەمەن ساقە ) . زۆر شتی حەبیبە سەرنجی نالی ڕاکێشاوە , یەکێك لەوانە ووریایی حەبیبە بووە کە تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکاندا پێم وایە ئاماژەی بۆ نەکراوە . لە چەندین شوێندا نالی ئاماژە بە زیت و وریایی حەبیبە دەکات . لە دێڕی سێیەمی ئەم شیعرەدا دەڵێت : ( بنازم دولبەری

خۆم چەندە پڕ وەسف و چ بێ عەیبە : . . بە چاو مەست و بە دڵ هۆشیار , بە ئەبرۆ جووت و هەم تاقە ) . نالی لێرەدا ناڵێت دڵی حەبیبە گەورەیە , ناڵێت دڵی حەبیبە بە بەزەییە , ناڵێت دەفتەرێکی سپییە و ناوی هیچ عاشقێکی تیا نییە ,

لە جیاتی ئەوانە دەڵێت هۆشیارە . یانی درکی بەهێزە . زوو لە شت تێدەگات و بە گوێرەی پێچویستیش مامەڵەی لە گەڵدا دەکات . حەبیبە بە دڵ هۆشیارە بە دەورو بەر و کەڵچەڕ و خۆشەویستەکانی . حەبیبە هۆشیارە بە نالی و هەموو ئەویندارەکانی تری . نالی تەنیا وەکو وەسف ئەم ووشەی ( بە دڵ هۆشیارە ) ی لەویادا دانەناوە . خاسیەتێکی کەسایەتی

( حەبیبە ) یە و بە ئەمانەتەوە بە خوێنەرانی دەگەیەنێت . لە گەڵ ئەوەدا کە حەبیبە بە دڵ هۆشیارە بە سووتانی نالی

بۆی , کەچی ناچێتە پای خۆشەویستی نالی یەوە و نالیش لە هیچ شیعرێکدا ئاماژە بە ڕوو پیشاندانی حەبیبقە ناکات .

حەبیبە ئاگادارە لەوەی کە نالی عاشقی ئەوە , بەڵام ئەوە حەبیبەیە کە دڵی بە نالی یەوە نییە و نایەوێت بچێتە ئەو بازنەی عەشقەوە . حەبیبە کەسێکی باڵاَ بەرز بووە و نالیش ئەگەر چەندین تیری جوانیی حەبیبە لە دڵی دابێت ,

ئەوا یەکێك لەو تیرانە باڵا بەرزیی حەبیبە بووە . باڵا بەرزیی حەبیبە جۆرێك بووە کە پێی کەوتووە . زۆر شت لە حەبیبەدا بووە بە نەخش تیایدا . زۆر شتی حەبیبە نالی خستووەتە سەر هەوای دانانی شیعر بۆی . ئەگەر زوڵف و خاڵ و

چاو و زار چەند خاسیەتێکی جوانیی حەبیبە بووبن , ئەوا بەرزیی باڵاشی خاسیەتێکی تری ناوازەی شەو شۆخە بووە .

نالی هێندە سەرسامە بە باڵای حەبیبە دەیشوبهێنێ بە درەختی ئەفسانەیی تووبای بەهەشت بۆ حەسانەوەی دڵداران لە ژێر سایەیدا . لە دێڕی چوارەمی ئەم شیعرەدا لەو بارەیەوە دەڵێت : ( نەوای ئاهەنگی قەد قامەت , تەرقی جەمعی زوهھادە . .

قەد و قامەت بە لەهجەی ڕاستیی تووبایی عوششاقە ) . لێرەشدا نالی لە گەڵ زاهیدەکاندا دەکەوێتە شەڕەوە و سەر کۆنەیان دەکات بەوەی کە واز هێنانی ئەوان لە دنیا ڕێگایەکی نا دروستە و تەنیا ڕێگای ڕاست ڕێگای عاشقانە کە باڵای یار دەبێت بە درەختی تووبایی بەهەشت و عاشقەکان لە سایەیدا دەحەوێنەوە . نالی زیاتر کابرایەکی دنیایی بووە تا دینیپی . عەبەسیانە

بیری نەکردووەتەوە . لە گەڵ هەڵسوڕانی مرۆڤدا بووە بۆ ژیان . ڕەخنەگرێکی بە توانا بووە لە بزوتنمەوەی سۆفیزم .

هەرچەندە نالی مەلایەکی ئیماندار و بڕوا پتەو بووە بە ئایینەکەی , بەڵام مرۆڤێکی خەباتگێڕ بووە بە دژی بێهوودەیی و

سۆفیزم و لە قاڵبدانی خۆشەویستی دڵدار و دڵخواز بۆ یەکتری . لە دوایین دێڕی ئەم شیعرەدا جارێکی تر ئەکەوێتەوە ویزەی سۆفییەکان و ئەیانداتە بەر نەشتەری ڕەخنە لەوەی کە تەنیا ئەو دنیایان دەوێت و

وازیان لەم دنیایە هێناوە . نالی پەنامەکیانە گاڵتە بە ساویلکەییشیان دەکات , چونکە ئەو شتانەی ئەوان شوێنی کەوتوون لەم دنیایەشدا زۆرن جگە لە

ئاوی کەوسەر . تەنانەت بۆ ئاوی کەوسەریش , ئاوی زمزم ی حیجاز هەیە . لە گەڵ ئەوەشدا نالی کە ڕەخنە لە شێوازی بیرکردنەوەیان دەگرێت , ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئەم سۆفییانە لە گەڵ ڕێبازەکەی خۆیاندا کە سۆفیزمە کارامەن . شەوەتا نالی دەڵێت : ( بە نەهری کەوسەر و شیر و عەسەل چەند تینووە سۆفی . . لەبی نالی دوو چەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە ) . کەواتە نالی کەسێکی دنیاییە و قەت ماچی لێوەکانی حەبیبە ناگۆڕێتەوە بە ڕووباری ئاوی کەوسەری بەهەشت و شیر و

هەنگوین . ئەوانەی کە سۆفییەکان هەموو ژیانی خۆیانیان بۆ داناوە , لای نالی نرخی ماچێکی حەبیبەی نییە .

نالی بە دەنگی بەرز بە خەڵکی ڕادەگەیەنێت کە سۆفی چۆن تینووە بۆ شیر و هەنگوین و ئاوی کەوسەر , ئەویش ئاوا تینووە بۆ لێوە ڕەنگ هەنارییەکانی حەبیبە . لە دێڕێکی تری ئەم شیعرەدا نالی باسی پەرێشانیی دڵی و بێ تاقەتی خۆیمان بۆ دەکات . نالی ڕاشماوانە باسی گیرۆدەیی خۆی دەکات بە دڵخوازەکەیەوە . دیارە بیری نالی شەو و ڕۆژ دەرگیری لێکدانەوەی سەوداسەریی خۆی بووە . یانی هەمیشە حەبیبە و سووتانی نالی بۆی لە بازنەی بیرکردنەوەیدا بوون . ئەگەر ئاوا نەبوایە

لە دێڕی پێنجەمی شیعرەکەدا نەیدەگوت : ( بە زوڵفی تۆیە وابەستە , لە من دڵ گەر پەرێشانە . . بە ئەبرۆی تۆیە پەیوەستە , ئەگەر تاقەت لە من تاقە ) .